www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 19-9-2007 23:37

## ئافرەتان ئێشو ئازاری خوی لەهەمو کەس باشتر هەست پی دەکات ... هاوار بانیخێلانی

دژایەتی مافی یەکسانی ژن و پیاو نەشیاو ی نەشیاوی ئەو سەردەمەیەکەژن وەك کائینێك لەکۆلگا دا تەماشا دەکراو سوکایەتی پی دەکراو لەهەمانکاتیشدا زیندە بەچاڵ دەکرا ئیتر هەرلەوسەردەمەوە بی متمانەیی لەنێوان ژن و پیاوداتەشەنەی کردو کۆ مەڵگاش هیچ یاساو ڕێسایەکی ئەو تۆ ی نەبو و ئاستی هۆ شیاری و ڕۆ شنفکریش لەئاستی پیو یستدانەبوو ڕووی دینێکەش لەپێش زاینی فاکتەرێك بووکەتائێستاش ئەم فاکتەرەلەرۆ ژهەلاتی ناوەڕاستدابەرچاوەوپیاو سالاری بەبیانوی جۆراو جۆر مافی ژن پێشێل دەکەن وگوی بۆ هیچ داواو داخوازییەکی شل ناکرێت وتاڕادەی بەزۆر بەشو دان وگەورەو بچوك و هتد.... .... .... .. لەم ڕۆ ژگارەنوی باوەشدادەبینین مشتو مڕێکی زۆری لەسەردەکری چ لەمیدیاکان یان کۆڕ و سیمینارەکان پانتاییەکی زۆری گرتوە... ئێمەی کورد گەربەوردی و دور لەهەر ئەدیانێك بڕوانینەژن و بگەڕێینەوەبۆ ئەو ڕۆ ژگارەسەختانەی میلەتی کورد پێایداتێ پەڕی کرد ئەوازیاتر ئەرك و خز مەتکردن و بەش مەینەتیەکانی ژنی کوردمان بۆ دەردەکەوی کەمەرجی ئازادی کۆ مەڵگابەستراوەبەڕز گاری ژنانەوە. بەلام تائێستاش لەناو خێزانداپیاو ڕۆ لێ سەرمایەدارو ئافرەتانیش ڕۆلی پڕۆ لیتاریادەگێڕن. ئافرەت مەرجی گۆڕانی بنیاتنانی شۆ ڕشگیڕانەی کۆ مەلایەتی و پێکهاتەی بنەمائابوریەکانی کۆ مەڵگەی پێشکەو تووەبەڵام ئیدی ئافرەتان بوونەبەشێك لەکاڵالەبازاڕەکانی هەڕاجی کڕین و فرۆ شتن.

جیاوازییەکانی ڕێژەی چەوسانەوەش لەکۆ مەڵگەیەکەوەبۆ کۆ مەڵگەیەکی تر لەسەردەم و هەلو مەرج و بارو دۆ خیکی سیاسی و زەمەنیەوەبۆ سەردەم و جێگەیەکی دیکەجیاوازی زۆر کەمی بەپی ی خەبات و تێکۆ شانیان بۆ هێنانەدی داخوازی و مافەکانیان گۆڕانی چەندایەتی و چلۆ نایەتی بەخۆەبینیوەئافرەتانی شۆ ڕشگێڕی کورد لەناو سەنگەرو مەیدانەکانی خەباتی (شاخ وشار) و بوارەکانی کارو ژیان خەباتی سیاسی جەماوەری و زیندان و ئەرکی خۆ ژیان و پشتیوانی کردن لەپیاوان و لەتێکۆشانی چەکداران و کۆڵ بەکۆڵی و کۆ چ ڕەوی و خۆ شاردنەوەلەدوژمن و ئەنفال و کیمیاباران و جینۆ ساید گشت و هم بەرخودان و قو ربانیدانەکۆ لێکی قورستر بوون لەپاڵ چەوسانەوەی سستمی پیاو سالاری لەکۆ مەڵگەدا.. دەکری بڵین دەبو ئافرەتان هەڵوێستەیەکیان لەبەرامبەر ئەو پروژەیاسایەی پەرلەمان بکردایەلەهەمبەر فرەژنی چونکەئافرەتانیش هاوبەشی ئەو لیپر سراویەتین لەبەرامبەر ئەو ژنانەی کەبێوەژن کەوتوون و ئەوانەی کەقەیرەبوون و شەریکن لەتاوانی ئەوانەی کەتادواساتەکانی ژیانیان بی بەش دەبن لەژیانی هو سەرگیری بۆیەدەبی ژنان بڕیادەری چارەنوسی خۆی بی چونك بریندار ئێش و ئازاری خۆی لەهەموو کەس باشتر هەست پی دەکاو خۆی لەهەمو کەس بۆ خۆی دڵسۆزترە'.... ..

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.